# بەڵای ڕەشی زێڕی ڕەش

## بقەی ئاگرە سوورەی گەمەی ڕووس و ئامریکا

## خوێندنەوەیەک لە بۆ

## لێدوانی کۆمپانیای رۆسنەفت سەبارەت بە

## ڕێککەوتنیان وەگەرد هەرێمی کوردستان



مژاری سەرەکی ئابووری ژ کۆربەندەکەو ئابووری ئا ست پیترزبۆرگ ، مژاری قوناخی گواستنەوەی نەوت لە کەرەسەی سووتەمەنی یەوە بۆ بەرهەمی دیکەی نەوتی و پیترۆلی (petrochemistry) و دەوری تێکنۆلۆژیای سەردەم و شۆرش و ئابووری دیژیتاڵی لەم قوناخی گواستنەوە ، بوو . ئەم ڕەوتە نوێ یە کە هەر ئێستا کارا و کاری یە ، داهاتووی نەوت بە بارێکی جیاواز لەمەی ئیسەی دا ئەخات . مەودای ٢٠ ساڵەی ڕێککەوتنەکەی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای رۆسنەفت ئەشی دە بەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستی یە دا لێک بدرێتەوە و بیرمەندان و شرۆڤەکاران ئەبێ ئاگاداری ئەو ڕاستیە بن کە گەلاڵە دارێژەرانی ولو ڕێککەوتنێکی درێژ خایەن بە مەبەست داهاتووی نەوت و دەوری نەوت لە ژیان و شارستانیەتی مرۆڤایەتی دا کوێر ئەکەنەوە . بەڵای ڕەشی زێری ڕەش بۆ مرۆڤ و سروشت بەرەو کوێ مل ئەنێ و چی لێ تێ ، جێی ڕامانە .

دە سەد ساڵێن بووری دا نەوت بووە بەڵای ڕەش بۆ مرۆڤایەتی و سروشت و دەورێکی هەتا بێژی و هەتا خوا پێی ناخۆش بێ ، نەرێنی بووگە جە ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا بە گشتی . نەفت مینا هۆکارەک ئا سیاسی ێن گەلێ قرێژ جە ئالی ێن کۆمپانی یەل نەوتی دژی خەڵک و گەلانی خاوەن نەفت و لە بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەکار هاتگە . بە دەیان دەوڵەت و حکومەت بە پانتایی گۆی زەوی سازکراون ئانکو رووخێندراون ، تەنیا پەی پاراستنی بەرژەوەندی چاوچنۆکانە و دژە مرۆڤانەی کۆمپانیا نەوتیەکان . ئەوەی کە ڕاستە و ئەشێ وەکی ڕاستی مێژوویی بنرخێندرێ ئەوەسە کە هەیا نووکە هیچ گەل و نەتەوەیەکی خاوەن چاوگە و کانگای نەوەتی بە بوونی ئەو سامانەی کە هەیان بووە نەحەسانەتەوە . نەوت باری ئابووری وڵات تێک ئەدات تا ڕادەیەک کە ئابووری وڵات ئەکوژێ بەوەی کە تێکڕای کەرتە ئابووریی یەکان ئەبرسترێتەوە بە نەوت و داهاتەکەی و فرە لەمەش خراتر و کاریگەرتر ، قەبە و چۆنیەتی داهاتەکەی لەلایەن کۆمپانیا نەوتی یەکانەوە دیاری کراوە و دەکرێتن .

نەوت مامانی دیکتاتۆر و مل هوری سیاسی و پێشێلکاری مافی مرۆڤ بووە و هەتا ئیسەش هەر بەردەوامە لەو دەورەی . ئەڕای مەردم کورد ئەزموونی قولیزادەی شای عەجەمان و میراتگرانی شێعەگەری سەفەوی ئەو و هەروەتریش بەعس و سەدام ، وینەگەلێکی فرە تاڵ و تفتی کاریگەریی نەفت لە سەر ژیانی خەڵکە . نەوت ئەو دەرەتانە بە ملهوران ئەدات کە بە دابین کردنی " خێر و حەسەناتی " سەرۆکی فشۆڵە و مرۆڤ کوژ ، خەڵک لە بواری بەرهەم هێنانی ئابووری دوور بخەنەوە و ژیانیان ببەستنەوە بە " بایەعی و یارانە و هتد" و شکۆ و گاورەیی مرۆڤ وەکی بوونەوەرێکی داهێنەر جە ناو بەرن . ئەم ڕەوتە و دەوری تێکدەرانەی نەفت لە ژیانی جڤاکی دا ، تەنانەت پاش هەرفیانا دیکتاتور جە باشووری کوردستان درێژەی پێدرا و بووگە چاوگەی فرەیەک قەیرانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی . گەر وای دانێێن کە لە باشووری کوردستان نەوەت نەبا، ئیدی سەیر و سەمەرە نابی گەر بووشین کە باری ئێستای کوردستان گەلێ باشتر و دڵخوازتەرتەر دەبوو .

هەمووان لەوە ئاگادارن و ڕاستیێکی زانراو و گشتی یە کە نەوتی کەرکووک بووە سەرچاوەی زۆربەی هەر زۆری نەهامەتی و ڕۆژەرەشی مەردمِ کورد ژ باشووری نیشتمانەکەی . هەر لەم ڕێکیەش ئەوەتا ئیسەیچ هەمان نەوت ، ئانکو زێری ڕەش بووگەسە هۆکاری گەلێ ئاڵۆزی و قەیرانی هەمە جۆری ناوخۆیی . بیجگە لەمەش و سەرباری ئەمەیچ ، وازی کردن بە هۆکاری نەوەت بەو سروشت و ماک و کۆکەوە دیسان قەیران و بارگرژی ناوخۆیی و دەرەکی وەلێ شین ئەبێتن . سەرکردایەتی کورد ئەشی فرە باش لەوە ئاگادار بن کو یاری و گەمەی سیاسی کردن بە نەوتەوە ئاگرە سوورەی فرە مەترسیدارە و ئەشی بڤەی لێ بکەن و لە سەری هەڵ نەچنن . ئەزموونی شەڕی نیشتمانیی ( فرەیەک خۆیان لەم دەستەواژەیە ئەدزنەوە و ژ واتا مێژوویی یەکەی تێ ناگەن ، پروانە بابەتێکی ئێشوومان : شەڕی نیشتمانیی کوردستان و بالۆرەی ناساز = (http://www.kurdipedia.org/files/relatedfiles/2014/77889/0001.PDF?ver=130600058043539636

لە دژی داعش و قەیرانی دابەزینی نرخی نەوت لە بازاری جیهانی ، ئەوە ئەسەلمێنێ کە نەفت هۆکارێکی جێگەی دڵنیایی و پشت پێ بەستن نیە . لە ئەگەری درێژەی ولو ڕێکارێک واتا پشت بەستن بە نەوت ، ئەگەری شکان و هەرەس هێنانی بزاڤی نەتەوەیی کورد ئەشی وەکی فرمانێکی چاڤەرێ کری بێتە زانین و ناس کرن .

ئەزموون و تاقیکاری کوردان ژ باشوورێ وە زمانێکی فرە ئاگراویی و خوێناویی یەوە وەپێمان ئووشت کە کوردی سەردەم ئەبێ بە بێ ئەملاو و ئەولا کێش و وزە و پێگەی خۆی بشناسێ ، وەکی دن دیسا تووشی کارەساتی ئاشبەتاڵی ١٩٧٥ دەبینەوە . کوردی ئەو کات و هی ئیسەیچ لە کێشی دانیە کە بە ئاگرە سوورەی گەمەی سیاسی ڕووس و ئامریکا بلیزێ . وەها لیستۆکەک لە لایەن بارزانی باوکەوە ، با دانەوە لە ڕووسەوە بۆ ئامریکا لە هەڕەتی شەڕی سارد دا و لە کاتێک دا ڕووس بەعسی عێراق و سووری هێنابووە ناو بازنەی ستراتیژیکی خۆی و خەریکی بە ئاوا دانی بناوانی ڕژیمی قولیزادە بوو ، هەڵەیەکی ستراتیژیکی کوور و قووڵ بوو کە ئاشبەتاڵی شۆڕشی باشووری لێ کەفتەوە . شۆڕشی کورد لەو دەمِ و ساتە دا بە پێچەوانەی کاتی دەسپێکی ، هۆکارێک نەبوو کە دە ئاقاری ستراتیژیکی جیهانی و ناوچەیی عرووسان بمەشێ و تەنانەت دە چار چێڤا ستراتیژیکی ڕۆژ ئاوا و ئامریکا ژی نە دەگونجا ، سەرەرای هەرزان فرۆش کردنی کوردستان مینا ئیالەتی ٥٣ هەمینی ئامریکا و تێکەڵاوی بەدزی و ژێر بە ژێر وەگەرد دەوڵەتی جوولەکان ، ئیسرائیل .

ولو دیار دەبە کو ئا نها ژی بارزانی کوڕ و کورەزا هەمان ڕێکاری بارزانی باوک دوو پات ئەکەنەوە کە هیچ داهاتوویەکی گەش و ڕوونی ئەڕای کوردان وەلی چاوەڕوان ناکرێتن . ئاخاوتنە ناسیاسی و نادیپلۆماتیکیەکەی بارزانی کورەزا لە ست پیترزبۆرگ مەترسی دۆرانی گاورەی بۆ بزاڤی نەتەوەیی کورد هەس . لە وەڵامی ڕۆژنامەنووسێک دا جەنابیان گوتی کە ئەو هیوادارە کە گرێبەستی نەوتی کوردستان وەگەرد رۆسنەفتی ڕووسی ، هاوپەیمانە ئامریکایی و ڕۆژئاوایی کانیان تووشی سەرسووڕ مان بکاتن . ئەم بابەتە لێدوانە

ناسیاسی و نادیپلۆماتیکیانە بۆی هەیە کە لەلایەن ئامریکایی یەکانە وەکی زارخوار کردن لەوان بێتە وەرگرتن و لە ئەگەری ئەمەش دا هیچ دوور نیە کە وانەیەکی دیکە وەکی ئەوەی بە بارزانی باوکیان دا ، بە بارزانی کوڕ و کورەزاش بدەن و لەم کاردانەوەشیان کورد باچێکی فرە قورس و گرانی دیکە بدات . وەک خەڵکی کورسان (سنە) ئێژنی ئاخر مەلیچک (چۆلەکە ) خۆی چیە تاوەکو سەر و پێ کەی چی بووت . ئاخر کورد وەک نەتەوە بە گشتی کەی لەو ئاستە دایە و لە کێشی دایە ئاوا هەڵس و کەوت وەگەرد زڵ هێزەکان بکاتن. کاتی خۆیشی قولیزادە ، شای عەجەمان ، لە سەردانی لۆ ڕووس ئاوەها دەم خوارییێکی لە ئامریکا کرد و گوتی سەردەمی ئاغایەتی و باڵادەستی چاوشینەکان بە سەر عەجەمستانا کۆتایی پێ هاتووە . یەک لە گەورە پیاوانی مەنگوڕ کە ئەو فشەی قولیزادە دەبیستێ دەرێ ئەوە چ دەرێی حەمەد ، بە سەری بابت ئەوە ئی تۆ نیە و ماڵە خۆت و ماڵە بابت بە قوڕ دا دەکەی و زۆریشی نەخایاند کە تەخت و بەختیان هەڵ تەکاند .

مژاری سەربەخۆیی باشووری کوردستان گەرمە و ناو بە ناو گەرمتر دادێ جە پێوەندی وەگەرد قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاریشەی ناوخۆیی ئانکو ململانێ لەگەڵ عارەبان . سەربەخۆیی کوردستان ڕەوتێکی درێژخایەنە و ئەشێ هەنگاو بە هەنگاو بناوانی پتەو و مکومی لۆ هەڵ ببەسترێ . ئەم مژارە فرە لەوە گاورەتر و ئاڵۆزترە کە ببەسپرێتەوە بە تاکە کەس ئانکو تاکە پارت و ڕێکخراو و بوویەر و ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی یەوە . کردەی سەرکردەی کورد لە ماوەی ساڵی ڕابردوو دا هێدی هێدی بناوانی سەربەخۆیی باشووری کوردستانی بە ئاوا داوە و گەیاندوویانەتە ئاستێک کە حەشدی شەعبی شێعەگەری سەفەویی دەڤەری شنگالی بریندار ئازاد ئەکەن و شەڕ و لاتانە بە پێشمەرگەی کوردستان ، ئەو پێشمەرگەی کە ئێستا دەستەوسان لە دووری شەڕی میسل وەستاوە ، ئەفرۆشن . بەزمی حەویجەش با بوەستێ کە مژارەک دن ئا دڵتەزێنە ئەڕای بزاڤی نەتەوەیی کورد نەمازە مژاری سەربەخۆیی .

گەر ئەمانەیچ بەس نەبوون ئەوەتا گرێبەستی نێوان کوردستان و رۆسنەفت بە هەموو تاریکی و لێڵی و نادیار و نهێنیەکانی وەک هۆکارێک پەی لێدان و شکانی بزاڤی نەتەوەیی و سەربەخۆیی کوردستان هاتگەسە بانی . گۆمان لەوە دا نیە کە ئەم گرێبەستە ٢٠ ساڵی یە بە قەبەی ١-٣ بیلیۆن دۆلاری یە ، کە سەرۆک وەزیران تەنانەت بە گرێبەستیشی نازانێ ، بە پێچەوانەی لێدوانەکەی کۆمپانیای رۆسنەفت کە لە خوارەوە تێت ، هەر وا بە سانایی لۆ کوردان ناچێتە سەر و ئامریکا و ڕۆژئاوا بوار نادەن کە عرووسان هەر وا بە سانایی قووتی بدات . هۆکاری ئەمەش تەنیا بەرژەوەندی ئابووری و دراویی پارەپەرەستانی ئامریکا و ڕۆژئاوا نیە بەڵکو دەق وەکی سەردەمی بارزانی باوک ، ڕێکارێکی ڕووسی یە پەی بەهێزکردنی دەسەڵات و باڵادەستیان جە دەڤەرەکە جە هەمبەر ئامریکا و شەڕ و ململانێی سیاسی و ئابووری ئەو دوو زل هێزە ئاڵۆزتەرتەر و قووێل تەرتەر ئەکاتن . کورد هەیا نها خۆی دە بازنەی ستراتیژی ئامریکا و ڕۆژئاوا دا جێگیر کردگە و کەڵکی باشیشی لەم دۆخە وەرگرتووە و دۆزی نەتەوەیی کورد لەم بازنە دا باش هەڵی داوە . گرێبەستی هەرێمی کوردستان

لەل رۆسنەفت ڕاست بە پێچەوانەی ئاقاری هەتا ئێستای دۆزی نەتەوەیی کوردە و وەکی ئاماژە وە پێ هاتە کرن دەق هەمان هەڵەی ستراتیژیکی بارزانی باوکە کە بارزانی کوڕ و کورەزا دووپاتی ئەکەنەوە .

جە دووی ئەم مانگە دا ، جوونی ٢٠١٧ ، ڕێککەوتن نامەیەک لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای رۆسنەفتی ڕووسی لە پەراوێزی کۆڕبەندی ناونەتەوەیی ست پیترزبۆرگ واژۆ کرا و بە یەک ژ گرێبەستێن گاورەی کۆڕبەندەکە ناونرا ، ( بە مەزەندەی ٣ بیلیۆن ئانکو میلیارد دۆلاری ئامریکایی ) . مەردم کوردستان پێشتر فرە ئاگایان لەو بەزمە نەبوو و چ زانیارییێکی ئەوتۆ و پێویست لە مەر ئەو دان و سەندنە ئابووریی یەوە بڵاو نەبووەوە . ئەم مژارە بە ڕەوا دەنگ و هەراییێکی گاورەی لە کوردستان لێ کەفتەوە و یار و نەیاری ڕێککەوتنەکە ئانکو گرێبەستەکە لە سەری وەدنگ هاتن .

ڕای گشتی مەردم کورد جە وردە کاری و باری هونەری و تێکنیکی و تاکتیکی گرێبەستەکە ئاگادار نیە و ئەوە نازانی کە دوو لە سەر سێی واتە دەوری ٧٠ لە سەدای لوولەی ڕاکێشانی نەوتی کوردستان بە قەبەی ٧٠٠ هەزار بەرمیلی ئێستا و هی داهاتووش بە قەبەی یەک میلیۆن ، ئەدرێت بە کۆمپانیای رۆسنەفت و لەوانەشە کە هەر هەمان کۆمپانیا خۆی سەرپشک بێت لە گواستنەوەی نەوت جا ئی کوردستان بێت ئانکو هی عارەبستان یان عەجەمستانی هاوهاوی عرووسان . مزی ئەو نەوتەی کە رۆسنەفت لە کوردستانەوە ڕای ئەکێشی ئەبێ پێشەکی بدرێت بە هەرێمی کوردستان گۆڕ گرێبەستی پێشوویان لە لەندەن . بەم پێ یە ئیتر ڕوون نیە کە نرخی نەوتێکە ئیمرۆ کڕیاوە لە دوای ١٠ ئانکو ٢٠ ساڵی داهاتووی گرێبەستەکە چەند ئەبێ و چۆن وکێ دیاری ئەکات . خاڵی گرینگ لێگرە ئەوەسە کە وەبیری خەڵک بهێنینەوە کە کە کۆمپانیای دیلۆیت فرمانی بە سەر ڕاگەیشتنی کار وباری کڕین و فرۆتن و سات و سەودا و پارەی نەوتی کوردستانی پێ خەڵات کراوە لە لایەن حکومەتی کوردستانەوە ( پرەواننە بابەتێکی پێشووترمان لە مەڕ ئەم فرمانەوە : سەربەخۆیی کوردستان ، سەرتان بخوات ،...!! کۆمپانی دیلۆیت (Deloitte) ، بکوژی سەربەخۆیی ئابووری ، ئو حەشارگەی دز و پارەپیسان = [http://www.kncsite.com/kurdi/nusrawe/abe-sertan.pdf](http://www.kncsite.com/kurdi/nusrawe/abe-sertan.pdf)) .

وەک ئاماژەمان پێکرد داهاتووی ١٠ بۆ ٢٠ ساڵی نەوت دیار نیە و هەر ئەوەندە ئەزانری کە پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیای سەردەم وردە وردە نرخ و جێگەی نەوت وەک کەرەسەی سووتەمەنی وەلا ئەنێ . لەو را لەوانەیە کۆمپانیا نەوتیەکانی ئامریکا و ڕووسی نەوتی خۆیان بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی داهاتووی نەوت پاشەکەوت بخەن و بۆ پێداویستی هەنووکەیی یان نەوتی وڵاتانی دیکە وەک کوردستان دابدۆشن و بەمەش هەر لە ئێستاوە ئێمەی کورد و گشت هاو شێوەکانمان لەو داهاتووە بێ بەری بکەن . ئا ئەمە مژارێکە کە کۆڕبەندی ست پیترزبۆرگ بە گەرمە گەنگەشەیان وەبانەوە کرد . کەچی ئەو کۆڕبەندە لۆ ئێمەی کورد بوو بەو گرێبەستە ناپیرۆزە کە هیچی لێ نازانین و داهاتووی ٢٠ ساڵەمان ئەخاتە بەر مەترسی . کاردانەوەی واژۆکەرانی گرێبەستەکە جە هەمبەر رخنەگران و نەیارانی ئەو گرێبەستە جێی سەر سوورمانە بەڕاستی .

ئەم بابەتە ڕێككەوتنانە فرە ڕەهندن و زۆرێک لایەنی دیار و نادیار و ئاشکراو و نهێنی لە خۆ دەگرن . بێ لە لایەنی جێی گەنگەشە و مشت و مڕی سیاسی و ئابووری ، ئەوەی کە لە هەموو چتێکی دیکە پتر پێویستە ئەڕای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەوەسە کە خەلکی کورد بە گشتی لە دەق و ناوەرۆک و واتا و نرخی سیاسی و ئابووری و چۆنیەتی کاریگەریان لە سەر ژین و ژیاری ڕۆژانەی ئیستا و داهاتووی خۆیان ، ئاگادار بکرێنەوە . لۆ ئەم مەبەستە و لە نەبوونی بەڵگە و چاوگەی پیدڤی لەبۆ ئەم بابەتە ، لێگرە وەرگێردراوی کوردی ( لەل دەقی ئینگلیزی ) بابەتێکە خۆدی رۆسنەفت سەبارەت بەم مژارە بڵاوی کردگەسەوە ، وەک تاکە بەڵگەی زانراوی گرێبەستەکە کە بە وتەی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەبي زۆر قەبەدار بێت ، ئەخەینە بەرچاوی ئەوانەی کە پەی شوێنی فرمانەکە ئەگرن ، ئەڕای زانیاریان :

## Rosneft and Iraqi Kurdistan Government Agree to Expand Strategic Cooperation

**02 June**

رۆسنەفت و حکومەتی کوردستانی عێراق لە سەر بەرفرە کرنا هاوکاری ستراتیژیکی ڕێککەوتن



Rosneft and the Kurdistan Regional Government, as part of the XXI St. Petersburg International Economic Forum, signed a **series of agreements** on widening their cooperation in exploration and production of hydrocarbons, commerce and logistics. The documents were signed ahead of the meeting between the President of the Russian Federation Vladimir Putin and the Prime Minister of Iraqi Kurdistan Nechirvan Barzani by Igor Sechin, Rosneft Chief Executive Officer, and Dr. Ashti Hawrami, Minister of Natural Resources for the Kurdistan Regional Government.

رۆسنەفت و حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەک بەشێک لە بیست و یەکەمین کۆڕبەندی ناونەتەوەیی ئابووری ست پیتێرزبۆرگ ، ژمارەیەک ڕێککەوتنیان لە سەر هاوکاریی یان لە گەڕان بۆ

و بەرهەم هێنانی هایدرۆکاربۆن ( گاز ونەوت) ، بازرگانی و گواستنەوەی ، واژۆ کرد . بەڵگەنامەکە لە لایەون ئیگۆر سەچین ، سەرۆکی کارگێڕی رۆسنەفت ، و دوکتور ئاشتی هەورامی ، وەزیری سامانە شروشتی یەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، پێش چاوپێکەوتنی نێوان سەرۆکی ڕوسیەی فێدرال ، ولادیمیر پوتین و سەرۆک وەزیرانی کوردستانی عێراق نێچیروان بارزانی ، واژۆ کرا.

The Parties signed an investment agreement under which they committed to develop cooperation in exploration and production, agreed on monetization of the export oil pipeline in Iraqi Kurdistan, as well as entered into a number of **production sharing agreements.**

لایەنەکان ڕێککەوتنێکی دەسمایە دانان و سەرمایە تەرخان کردن یان واژۆ کرد کە بە گوێرەی ئەو هەر دوو لا  پەرەپێدانی هاوکاریی لە گەڕان و دۆزینەوە و بەرهەم هێنان لە ئەستۆ ئەگرن و ڕێککەوتن لە سەر ساخکردنەوەی نەوتی هەناردەکراوی کوردستانی عێراق لە ڕێگای لوولەی نەوتی یەوە . هەر وسا ژی چوونە ناو هەژمارەک دن ڕێککەفتن وەبان هاوپشکی یان لە بەرهەم هێنان دە .



The agreement outlines the main terms of the project which provides for the establishment of a joint venture for implementation of the long-term contract related to infrastructure systems in Iraqi Kurdistan. **Rosneft will get access to the major regional transportation system** with the throughput capacity of 700 thousand bbl per day, which is planned to be expanded up to 1 mln bbl per day by the end of 2017.

ڕێککەوتنەکە مەرجە سەرەکیەکانی گەڵاڵەکە دیاری ئەکات کە بوار خۆش ئەکاتن ئەڕای ڕێکخستنی هەوڵی هاوبەش پەی خستنە گەڕی گرێبەستی درێژخایەن ، پەیوەند بە سیستمی ژێرخانی کوردستانی عێراق . رۆسنەفت دێ دەستی ئەگاتە سیستمی گواستنەوەی سەرکی ناوچەیی بە

کێشی ڕۆژانەی ٧٠٠ هەزار بەرمیل ( بۆشکە ) کە گەڵاڵەی پەرەپێدانی بۆ ١ ملیۆن بەرمیل لە یەک ڕۆژ دا ، لە کۆتایی ٢٠١٧ دا ، بۆ داڕژاوە .

Also, the Parties committed to enter into effect of the PSAs signed as part of the Forum with respect to five blocks with substantial geological potential and **outlines other perspective areas of cooperation** in exploration and production, including the gas sphere.

هەر وەها ، لایەنەکان دە ئەستۆی خۆیان گرت کە بچنە ژێر باری (PSAs) ، واژۆ کراو مینا پارەک ژ کۆربەندەکە ، جە پێوەندی وەگەرد ٥ کەرت بە کێشی بەرچاوەوە لە ڕووی زەوی ناسی یەوە و مەیدانی چاوەڕوانکراوی هاوکاریی دیکەیان لە داهاتوویان لە بواری گەڕان و دۆزینەوە و بەرهەن هێنان ، دیاری کرد ، گازیش لە گەڵی دا بێ .

The signed documents strengthen cooperation between Rosneft and Iraqi Kurdistan, which started in February 2017 from signing a contract on purchase and sale of crude in 2017-2019. **The new agreements will allow to talk about full entry of the Company in one of the most promising regions of the developing global energy market** with the expected recoverable reserves in the order of 45 billion bbl of oil and 5.66 trillion m3 of gas (according to the estimate of the Ministry of Natural Resources of Kurdistan Region). The agreements provide for further phased investments of Rosneft in Kurdistan Region

بەڵگەنامەی واژۆ کراو هاوکاریی نێوان رۆسنەفت و کوردستانی عێراق کە لە فێبرواری ٢٠١٧ بە واژۆ کردنی گرێبەستێک لە سەر کڕین و فرۆتنی نەوتی خاو لە ٢٠١٧ ەوە بۆ ٢٠١٩ ، دەستی پێکرد ، بە هێز ئەکات . ڕێککەتنە نوێکە بوار ئەدات بە وتوو وێژ لە سەر دەس پێ ڕاگەیشتنی تەواوی کۆمپانیاکە بە یەکێک لە هیوابەخش ترین دەڤەر پەی پەرەپێدانی بازاڕی جیهانی وزە ، بە دەرهێنانی چاوەڕوانکراو لە ئاستی ٤٥ بیلیۆن بەرمیل نەوت و ٥،٦٦ تریلیۆن متری سێ جار گاز ( بە گوێرەی مەزەندەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان ) . ڕێککەوینەکە ڕێگا خۆش ئەکات ئەڕای فرەتر سەرمایە دانانی قوناخ بە قوناخی رۆسنەفت لە هەرێمی کوردستان .

Upon the signing ceremony Rosneft CEO Igor Sechin said: "The Company is widening its cooperation with Iraqi Kurdistan across the whole production chain. The crude is being delivered to the German refineries of Rosneft, which is indicative of our successful business diversification strategy. The Agreements are signed under the conditions profitable for the Company and set an

example of well-weighed investments in one of the key Middle East regions, which will make it possible for the Company to expand its exploration and production geography, provide feedstock for Rosneft's growing refining network and to raise profitability of our international assets".

دوای ڕێ و ڕەسمی واژۆ کردنەکە ، کارگێڕی باڵای ڕۆسنەفت ،ئیگۆر سەچین گوتی : " کۆمپانیەکە هاوکاریی خۆی لەگەڵ کوردستانی عێراق لە هەموو بوارێکی بەرهەم هێنان دا فراوان ئەکات . نەوتی خاو براوەتە پاڵاوگەی ڕۆسنەفت لە ئاڵمانیا ، کە هێمایە لە بۆ سەرکەوتنمان لە ستراتیژی بازرگانی فرە لایەنەمان . ڕێککەوتنەکە لە ژێر مەرجگەلێک دا واژۆ کراوە کە بە قازانجی کۆمپنیاکەیە و نموونەیەکە لە سەرمایە دانانی باش هەڵسەنگێنراو لە یەکێک لە ناوچە سەرەکیەکانی ڕۆژهەڵاتا ناڤین کە دەرەتانی ئەوە ئەدات بە کۆمپانیاکە کە مەودا و جوغرایای گەڕان و دوزینەوە و بەرهەم هێنان پان و بەرین بکاتەوە ، پێخۆری ( نەوتی خاو ) زنجیرە پاڵاگەکانی ڕۆسنەفت دابین ئەکات و پرشتی قازانی سامانە جیهانی و نێونەتەوەیی کەمان بەرز ئەکاتەوە.  .

**Notes for editors:**

**تێبینی ئەرای سەرنووسەرەکان**

---

The mutually profitable partnership of Rosneft and Kurdistan commenced last winter: in February 2017, at the IP Week Conference in London (UK), the Parties signed an agreement on cooperation in exploration, production, infrastructure, logistics and trading of hydrocarbons. According to the agreement, the parties signed a contract for the purchase and sale of oil to Rosneft from 2017 to 2019. **The contract provides for an advance payment**. The production buyer is Rosneft's trading Subsidiary — Rosneft Trading SA. The crude purchase contract is part of the strategy for international trading development and provision of feedstock for the existing and perspective foreign refineries of Rosneft.

شەریکایەتی ، بە قازابجی دوو لایەنەی، ڕۆسنەفت و کوردستان زستانی رابردوو دەستی پێکرد ؛ لە فیبرواری ٢٠١٧، لە هەفتەی جیهانی ( ناونەتەوەیی ) نەوەت (International Petroleum Week) لە لەندەن ( ئینگلستان ) ، لایەنەکان ڕێککەوتنێکیان لە مەڕ هاوکاریی لە دۆزینەوە و گەڕان ، بەرهەم هێنان ، ژێرخان ، گواستنەوە و بازرگانی نەوت واژۆ کرد . گۆر ڕێککەوتنەکە لایەنەکان گرێبەستێکیان

واژۆ کرد بۆ کڕین و فرۆتنی نەوت بە رۆسنەفت لە ۲۰۱۷ ەوە هەتا ۲۰۱۹ . گرێبەستەکە مەرجی دانی پارەی لە پێش دا تێدایە . کڕیاری بەرهەمەکە لقی بازرگانی رۆسنەفتە - Rosneft Trading SA . گرێبەستی کڕینی نەوتی خاو بەشێکە لە ستراتیژی جیهانی پەرەپێدان و دابین کردنی پێخۆر بۆ پالاوگەکانی رۆسنەفت چ ئەوانەی هەن و چ ئەوانەی لە داهاتوودا ساز ئەکرێن .

**Rosneft Information Division**

**Tel.: + 7 (499) 517-88-97**

**02 June 2017**

*These materials contain statements about future events and expectations that are forward-looking in nature. Any statement in these materials that is not a statement of historical fact is a forward-looking statement that involves known and unknown risks, uncertainties and other factors which may cause actual results, performance or achievements expressed or implied by such forward-looking statements to differ. We assume no obligations to update the forward-looking statements contained herein to reflect actual results, changes in assumptions or changes in factors affecting these statements.*

ئەم بابەتانە ، گوتەیان لە سەر بوویەر و شتی چاوەڕوان کراو لە داهاتوودا تێدایە و گۆر سروشتیان ڕووەو داهاتوو ئەڕوانن . هیچ گوتەیەک لەم بابەتانە کە گوتەیەک نیە لە سەر راستی  مێژوویی ، گوتەیەکن لۆ داهاتوو کە مەترسی و ریسکی  زانراو و نەزانراو و نائەرخایەنی و هۆکارگەلی دیکە لە خۆ دەگرن کە لە وانەی جیاواز بێت لە ئاکام و کردە و دەسکەوتگەلێک کە لە وەها گوتەیەک بۆ داهاتوو دەر ئەپردرێن . بۆ نیشاندانی ئاکامی ڕاستەقینە ، گۆڕانی پێشبینی و گۆڕانی ئەو هۆکارانەی کە کار ئەکەنە سەر ئەم گوتانە ،   ئێمە نوێ کردنەوە و پێداچوونەوە بەو گوتانەی لێرە کە بۆ داهاتوو دەرپرکراون ،  بە ئەرکی خۆمان نازانین .

(تێبینی : پێداگری لە دەقە ئینگلیزیەکە ئی مەیە – کاردۆخ )

==========================================================

کاردۆخ

کۆمەڵەی یەکسانیی کوردستان

۲۰۱۷/٦/٦